# یاسای خانەنشینی یەکگرتوو
# ژمارە ( ٢٧ ) ی ساڵی ( ٢٠٠٦ ) هەموارکراو

دەقی یاساکە بە هەردوو زمانی

کوردی - عەرەبی

## - یاسای ژمارە (٢٥) ساڵی (٢٠٠٩)

## - خشتەی موچەی خانەنشینی


ئامادەکردن و وەرگێڕانی

ماف پەروەر

( عزالدین عبدالله یاسین )



چاپی یەکەم - ٢٠١١

# بەشی حەوتەم
# تـــانـــەکـــان

## ماددەی بیستەم

**یەکەم** :- أ - لیژنەیەك پێك دێت بە ناوی (لیژنەی ووردبینی کێشەکانی خانەنشین کراوەکان) بە سەرۆکایەتی دادوەرێك لە پلەی دوو کە ئەنجومەنی دادوەری ڕایدەسپێرێت لەگەڵ دوو ئەندام لە فەرمانبەرانی یاسایی پلەکانیان کەمتر نەبێت لە بەڕێوەبەر یەکێکیان لە وەزارەتی دارایی ئەوەی تر لە وەزارەتی بەرگری و بڕیارەکانیان بە زۆرینە دەبێت و تەماشای هەموو ئەو کێشانەی خانەنشینی دەکەن کە تانەی لێدراوە و لە ئەنجامی جێ بە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە سەری هەڵداوە.

ب - بۆ لایەنی پەیوەندیدار هەیە تانە لە بڕیارەکە بدات لە بەرانبەر لیژنە لە ماوەی نەوەت ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەی یان ئاگاداربوونی بە بڕیارەکەی وەزیری تایبەت مەند یان سەرۆکی فەرمانگە یان دەزگا.

**دووەم** :- مزەی دیاری کراوە لە لایەن وەزارەتی دارایی لە تانە لێدەر وەردەگیرێت و ئەم مزەیە ئەگەڕێندرێتەوە بۆی ئەگەر هاتوو مافی خۆی بوو لە تانە لێدانەکە یان لە بەشێکی دوای بە دەست هێنانی بڕیاری کۆتایی ئەنجومەن و ئەم حوکمە پەیڕەو دەکرێت لەسەر ئەو تانانەی پێشکەش کراوە گوزارشت لە مێژووی جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە.

**سێهەم** :- أ – بۆ تانە لێدەر و تانە لێگیراو هەیە تێهەڵچوونەوە بکەن بە بڕیاری لیژنەی ووردبینی کێشەی خانەنشینەکان لەلای دادگای تێهەڵچوونەوە لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە مێژووی ئاگادارکردنەوەی بە

بڕیاری لیژنەی ئاماژە بۆ کراو و بڕیاری دادگای تێهەڵچوونەوە بە کۆتا دادەنرێت.

ب - ئەو مزەی دەقی بۆ داڕێژراوە لە بەندی (دووەم) لەم ماددەیە داواکاری مافی خانەنشینی و بڕیارەکانی دەرچوو بە پێ ی ئەوە ، و ئەو تانانەی لەسەری ئەکرێت ، و بڕیارەکانی دەرچوو لە ئەنجامی تانەنەکان و گشت کارڕایەکانی ئاگادارکردنەوە دەبەخشرێت لەهەر مزەیەك لەوانەش مزەی پول.

<u>چوارەم</u> :- ئەگەر خانەنشین کراو مووچە یان پاداشتی خانەنشینی وەرگرت و تانەی نەگرت لە ئەژمارکردنی یان ئەو بەلگانەی پشتی پێ بەستراوە بۆ ئەژمارکردن لە ماوەی نەوەت ڕۆژ لە مێژووی وەرگرتنی مافی خانەنشینی ئەوە مافی نامێنێ بۆ تانە لێدان و بڕیاری فەرمانگەی خانەنشینی بە کۆتا دادەنرێت.